# چەند سرنجێک لەسەر وتارەکەی عەزیم ئەلیاسی

لەم رۆژانەدا لە سەردانی رۆژانەم بۆ ماڵپەڕی" دیمانە" چاوم بە وتارێک کەوت لە ژێر سەر دێڕی حیزبی دێموکرات و کێشە نێو خۆییەکان بە قەڵەمی کاک عەزیم ئەلیاسی.
ناوبراو لە بەرگی دڵسۆزی بۆ حیزبی دێموکرات و بە قەولی خۆی بۆ دیفاع لە بەرژەوەندییەکانی ئەو حیزبە دێتە مەیدان و باس لە ناکۆکییەکانی ناو تەشکیلاتی حیزب دەکا . ناوبراو لە دەستپێکدا حەول دەدا وەک کەسێکی بێ لایەن مەسەلەکان شی کاتەوە بەڵام دوای چەنە دێڕێک دەمامکی لە دەم دەبێتەوە و بە دور لە ئینساف دەکەوێتە پەلاماردانی بەشێك لە خەباتکارانی ئەو حیزبە. لەو پێوەندییە دا داوا لە ئەندامانی حیزب دەکات کە وەک ئەو بن و دەستەوەستان دانەنیشن وەک ئەوەی لە مەیدانی شەڕ لە گەڵ دوژمن هێزی کەم هێنابی و جەماعەت پەل کێشی شەر بکات. ناوبراو بۆ ساز بوونی ئەو کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٨. بریا کاک عەزیز کەمێکی دیکەی مێژووی حیزب زانیبا و گەڕاباوە بۆ دەورانی پێشوو، پاش ساڵەکای ٤٦_٤٧ و ساز کردنی کۆمیتەی ئینقلابی و رزگار کردنی حیزب لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئەو کات.
کاک عەزیم ئامانجی لە نوسینی ئەو وتارە و کای کۆن بەبا کردنە بە حیساب "وانە فێر بوونە" بەڵام ئەوی من لەوتارەکەی ناوبراوم وەرگرت ئەوەیە کە کاک عەزیم تەنیا شتێکی کە لە جەریانی جیابوونەوەی ئەو کاتی حیزب وەری نەگرتووە" وانە"یە دەنا قەت ئیزنی بە خۆی نەدەدا کە حەول بدات حیزب بەرەو ئەو ئاقارە برۆات کە ئێستا خەریکەدەیپێوێ.
کاک عەزیم بۆ ئیسپاتی روانگەکانی خۆی پەنا دەباتە بەر بیرەوەریەکانی بە رێز د. خەلیقی، کە هەتا دوێنێ کاک عەزیم و هاوبیرانی شیر و تیریان لێ دەکێشا و بە کۆمەڵ ئیمزای دەرکردنیان بۆ کۆدەکردەوە کە گۆیا لە کتێبەکەی دا بەردی بە کابە داداوە و کتێبەکەی پڕن لە شتی ناڕاست و ئەسراری حیزبی بۆ نەیارانئاشکرا کردووە، بەڵام ئێستا کە قافیەی لێ تەنگ بووە بۆ سەند و چاوگەی نوسینەکەی پەنایان بۆ دەبا، دیارە کتێبەکانی ناوبراو شتی زۆریان لە سەر پێ شێڵ کاریەکانی دێموکراسی و مرۆڤی نەفس شەیتانی ناو حیزب تێدایە کە هیوادارم کاک عەزیم لەدوایی دا وەک سەنەد بۆ نوسراوەکانی دیکەشی کەڵکیان لێ وەربگرێ.
ئەمن لێرەدا نامهەوێ کتێبی کاک د. خەلیقی نەقد بکەم تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئەگەر مرۆڤ کتیبەکانی ناوبراو دەخوێنێتەوە ئەویش جگە لە خۆ مەترەح کردن، بە دەگمەن شتی مێژوویی و سیاسی تێدا بەدی دەکرێ و ئەگەر ناوبراویش کرابا بە دەفتەری سیاسی رەنگە حیزبی کۆن و ئێستاش بەهەشتی بەرین بان و کەم و کووڕییان نەبوایە.
بەڵام کاک عەزیم زۆر ساکار دەچێتە سەر هۆی جیابوونە لە کۆنگرەی ٨ " پێش لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکرات، مەلا حەسەنی ڕەستگار وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بوو. ناوبراو بۆ بەهێزکردنی پلە و پایەی خۆی لەنێو حیزبدا و بەتایبەتی لە بەرامبەر دوکتۆر قاسملووی نەمر و هاوڕێکانیدا دەستیکردبوو بە کۆکردنەوەی خەڵك لە دەوروبەری خۆی. بۆ ئەم مەبەستە ئەو کادرانەی کە لەبەر هەندێ هۆ و کێشەی جۆراوجۆر تووشی سزای حیزبی دەبوونەوە، کاك مەلا حەسەن وەك دەسکەوت ئەوانی لە کۆمیسۆنی کۆمەلایەتیدا ڕادەگرت و لە یەکێ لە بەشەکانی ئەم کۆمیسیۆنەدا ئەرکی پێدەسپاردن. ئەمەش بۆ دوکتۆر قاسملووی نەمر و هاوڕێکانی قووت نەدەدرا، بەڵام لەبەرئەوە کە مەلا حەسەن ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، نەدەبوو پێشی پێبگرن. (بەرگی سێیەمی ژان و ژیان دوکتۆر حوسێنی خەلیقی، لاپەڕەی ٣١٢)."

لێرەدا هیچ ئامارێک وجوودی نییە کە باس لە ژمارەی ئەو کەسانە بکات کە مەلا حەسەن رای گرتوون کە چەند سەدکەس و یان چەند هەزار دەبوون. مەلا حەسەنی رەستگار ئەو کات ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب بوو و کاک د. خەلیقیش وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی جێگری بوو، مەلا حەسەن ئەو کات و ئێستاش خاوەنی پلە و پایەی خۆی بووە و هەیە قەتیش لە بیری پلەی لەوە

سەرتر نەبووە، هەر وەک ئێستاش لە فکری دانییە. ئیدی کۆکردنەوەی خەڵکی بۆ چیە؟ئەو جار ئەو خەڵکەی ئەو بەرگری لە دەربەدەر و ئاوارە بوونیانکردووە کێ بوون؟ مەگەر هەر ئەو کەسانە نە بوون کەساڵها لە ریزەکانی حیزبدا کاریان کردبوو . خاوەن شەهید بوون و ژیانیان لە بەر خاتری حیزب و شۆڕش لێ تێک چووبوو؟ ئەوە چ تاوانێکە کە کاک د.قاسملوو بە خاتری رقی لە مەلا حەسەن هەڵ گرتبوو؟ ئەگەر هۆی ناخۆشەویستی مەلا حەسەن ئەوە بووبێ با ویژدانەکان بکەینە قازی کە کام کردەوە لە خزمەتی حیزب و وەدیی هێنانی ئامانجەکانی دابووە؟! دەرکردنی خەڵک و چۆڵ کردنی سەنگەرەکان بۆ دوژمن یان بە هێز کردنی ریزکان لە بەرانبەر دوژمن دا؟ نوسراوەکەی کاک د.خەلیقیش لە راستی دا تاریفێک لە کاک د. قاسملوو ناکات و زیاتر ئامانجی چووکە کردنەوەی ناوبراوە و دەڵێ خەڵکینە وەرن کاک د.قاسملوو ئەندام و شۆرشگێرانی حیزب دەردەکا و مەلا حەسەنیش دەیان گرێتەوە، بریا ئەو تاریفەی هەر نەکردبایە چونکە مەحکوومی کردووە.

کاک د. خەلیقیش کە جێگری کاک حەسەن بووە ئەو کات قەت رەخنەی لە کردەوەی مەلا حەسەن نە گرتووە و پێی خۆش بووە کە جەبهە کە بە هێز بێ تا بەڵکوو ئەویش لەو سۆنگەوە بە پلەیەکی بەرزتر بگات.

لە کام حیزبی دوونیادا دەرکردن و ئاوارە کردنی خەڵک رەوایە ؟ لە گەڵ کام لە ئوسوول و پرێنسیپەکانی سیاسی، مرۆیی، کۆمەڵایەتی، یەک دەگرنەوە، ئەگەر نا دەکرێ ئەو کردەوەیە لە گەڵ دێموکراسی یەک بگرێتەوە و خاوەنی ئەم بڕیارە دیموکڕات بی؟

فەرزکەین کە ئەو ئیستدلالەی کاک عەزیم راست بێ، چۆن دەبێ رێبەر و باوکی حیزب لەسەر ئەوە کە فلانی نەی هێشتووە کۆمەلێک کادر و پێشمەرگە حیزب بە جێ بهێڵن و حیزب زەرەرمەند بێ دەبێ بکەوێتە بەر رق و کینەی سەرۆکی حیزب ، خۆ ئەو کەسانەی کە مەلا حەسەن لە رۆیشتنیان بەرگری کردووە هیچیان خزمەتکاری ناوبراو نەبوون، بەڵکوو هەر هەموویان تەواو وەخت لە خزمەت ئامانجەکانی حیزب دابوون. کاک د.قاسملوو زۆر جاران دەیفەرموو فەرقی نیوان حیزبایەتی و دڵداری ئەوەیە کە مرۆڤ لە دڵداری دا لە هەڵبژاردنی تەرەف دا سەرپشکە بەڵام لە ناو حیزب دا هەڵبژاردنی تەڕەف لە دەسەڵاتی کەس دانییە چوون حیزب ماڵی کەس وەک فەرد نییە بەڵکوو جێگای خەباتی جەمعییە،بۆیە ئەگەر هۆی بوغزاندنەکان ئەوە بن کە کاک عەزیم دەفەرموێ، دەبی ئێمە بە تاریفەکانمان لە سەر دێموکراسی و دێموکڕات دا بچینەوە.

کاک عەزیم باس لەوە دەکات کە د. خەلیقی لە جەریانی کۆنگرەی ٨ دا دەچێتە لای دەستەی ناڕازیان و داوایان لێ دەکات کە جگە لە مەلا حەسەن و یەک دوویەکی تر بێنە ناو لیستە و کاک حوسین دەڵێ کە" لە کاتی پشووداندا دوکتۆری نەمر کاک دوکتۆر خەلیقی و کاک جەلیلی گادانی دەنێرێتە لای دەستەی ناڕازی، جگە لە کاک حەسەنی رەستگار و دوو کەسی دیکە کە بەڵکو لە هەڵوێستی خۆیان پاشگەز بنەوە و رازی بن تاکو ناویان لە لیستەی فیکسدا بنووسرێت. کاتێ کە لەگەڵیان دەپەیڤن کاک حوسێنی مەدەنی بە کاک دوکتۆر خەلیقی دەڵێ: ئێمە هیچ دژکردەوەیەکمان نابێ بەو مەرجەی کە سێ کەسمان واتە خۆی لەگەڵ دوکتۆر خەلیقی و کاک فەتاحی کاویان بکرێن بە ئەندامی دەفتەری سیاسی. کاک دوکتۆر خەلیقی لە وەڵامدا دەڵێ: ئەوا من لەبەر بەرژەوەندی حیزبەکەم واز لە بەشەکەی خۆم دێنم.

لێرەدا مرۆڤ ئاماژە بە هێندێک شت بکا:

الف- ئەرێ کاک عەزیم لەخۆی ناپرسێ داخوا شەڕی کاک د. قاسملوو ئەگەر لەسەر کورسی نەبوو لەسەر چی بوو؟ بۆچی قەت نەوترا کە لەسەر فلان و فیسار هەڵوێستی سیاسی و....یە.

جگە لەوانە ئەگەر کورسی بوونی باشە با بە خەڵکانی دیکەش بدرێ ئەگەر خەراپە بۆچی شەڕی بۆ دەکەن؟
حیزب نەماڵی تایبەتی کەسێکە و نە حیزبایەتیش تەنیا بۆ ژمارەیەکی تایبەت دانداروە کە هەر کەس پێی خۆش بوو ئەوی تر وەدەر بنێ، کەسیش ناتوانێ رێگا لە خەڵک بگرێ کە ئەرکی شۆرشگێڕی خۆی بە نیسبەت نیشتمانی خۆی بە جێ نەهێنێ.
ب- کاک د.خەلیقی بۆ خۆی یەکێک لە سەر سەختترین دژ بەرەکانی لیستەی فیکس بووە وگۆیا کاتێک چرای ئەوەی دراوەتێ کە رەنگە لە داهاتوودا لە شاری سنە بەکار بێ، شل بووتەوە وکورسیەکەی سنەی پێ مەخمەلیتر و نەرمتر بووە و ئێستاش لە هەموو کتێبەکانیدا هەر سکاڵای ئەوە دەکات کە نەکراوەتە دەفتەری سیاسی بەڵام سەیرە لەوێ تەنیا لەبەر مەسڵەحەتی حیزب پاشەکشە دەکات. ئەو بەڕێزە ئێستاش بیکەنە دەفتەری سیاسی بێ ماڵاوایی لە ژن و منداڵەکانی دێتەوە کۆیە و دەستێکی ئارام بەسەر کورسی ئاواتی دا دەخشێنێ، بەڵام خەونە.

نەخێر بەڕێز جەریانی کۆنگرەی ٨ یش تەسفیە و جارێکی دیکەش یەک دەست کردنی حیزب بوو ، میلاکیش بۆ چوونە ناو لیستەی فیکس تەنیا لایەنگری لە کاک د. قاسملوو بوو نە دیفاع لە دێمۆکڕاسی و بەرژەوەندییەکانی ناو خۆیی و دەرەوەی حیزب، مەبەستیش تەنیا مەلا حەسەن نەبوو بەڵکوو گێژەڵووکەی ئەو لیستەیە بە دەیان و سەدان کەسی دەگرتەوە. زۆر کەس لەوانەی دەگەڵ ئەو جەریانە کەوتن لە ماوەی خەباتیان لە حیزبدا زۆر دژی مەلا حەسەن بوون بەڵام وەک مەترسی بۆ دەسەڵات لە ناو حیزبدا دەبیندران و کەوتنە بەر لافاوی لیستەی گۆڕین.
خاڵی هاوبەشی هەموو رێبەرانی ( تەراز ئەوەڵی) ئیمە ئەوە بووە و هەیە کە قەت نەیان توانیوە تەحەمولی کەسێک بکەن کە لە ناو حیزبدا لایەنگری لە وان زیاترە کە ئەوەش سەرچاوەی هەموو ئەو دەردانەیە.

کاک عەزیم لە بەشیک لەوتارەکەی دا دێتە سەر گلەیی کردن لە رێبەرانی حیزب و دەڵێ" بەڵێ، ئێمەمانان ئاوەها سەرکردایەتییەکمان هەیە بۆیە کۆڵەکە لەسەر شانمان قورسە و بە لارە لارەوە هەنگاو دەنێین!
کاک عەزیم حەقییەتی کە گلەیی لە بەختی خۆی بکات بەڵام ئەو بە پێچەوانەی لێ حاڵی بووە و ئەو دەبێ گلەیی لەو سیستمە بکات کەبۆ ئاوا کار دەکات و چلۆن و بە چ شێوەیەک بۆ لە مەیدان دەرکردنی هاوسەنگەرانمان لە دێموکڕاسی کەڵک وەردەگرین ،کە ئەو شێوە بیر کردنەوە ئێستاش هەر درێژەی هەیە وا دیارە کاروانی لە بن نەهاتوویە.
دەنا ئەو رێبەرانە هەر هەمان ئەو کەسانەن کە لە زەمانی دیکتاتۆری شادا، ئەو کات کە خەڵکانی دیکە بە خەونیش نەیان دەوێرا بڵێن حیزبین و لە زۆر رێگادا مل کەچی کار وەرگرتن لە دام و دەزگای میری دابوون و خزمەتیان بەو دام و دەزگایە پێ شانازی بووە و بە هەزار شۆرشیان نەدەدا و ئێستاش سەر و دەستی بۆ دەشکێننەوە و، یان لە دەرەوە خەریکی فێر بوونی دێموکڕاسی بوون. ئەوانەی ئەویش ناویان دەبا بە ساڵها لە ژێر درەندەترین شێوەکانی ئەشکەنجەی حکوومەتی حەمەرەزاشادا بە مایەدانان لە روح و لەش و ژیانی خۆیان گەورەیی حیزبیان لە بەندیخانەکانی تاریک دا دەپاراست.
ناوبراو لە درێژەی وتارەکەی دا دەڵێ" جا بۆیە بەهەر شێوەیەك كە بوایە دەبوو كۆنگرەی هەشتەم دەنگ بۆ لیستەی فیكس یان هەڵبژاردنی ئازاد بدات. لە یەكەم دەنگداندا لیستەی فیكس دەنگی نەهێنایەوە و پاشان نەمر دوكتۆری شەهید گوتی: گەر وا بێ، من خۆم بۆ كۆمیتەی ناوەندی ناپاڵێوم و بەڵێن دەدەم كە بە هەموو توانامەوە وەك كادرێكی حیزب ئەرك و خزمەتەكانم ڕاپەڕێنم. ئەم هەڵوێستەی دوكتۆر قاسملوو هەندێ كەس وەك هەڕەشە لێكیان دەدایەوە. بەڵام بە هەر شێوەیەك كە لێكبدرابایەوە ناوبراو بەڵێنی دابوو كە وەك كادرێكی حیزبی خزمەت

بكات. خۆزگە زۆر كەسی دیكەش هەڵوێستیان وا بوایە لە كاتی پێویستدا، نە وەك سكرتێری گشتی حیزب، بەڵكو وەك كادرێكی ئاسایی حیزب ئامادە بان شۆڕش لاواز و ماڵوێران نەكەن. بە هەر شێوەیەك بوو كۆنگرە دەنگی بە لیستەی فیكس دا و كۆتایی بە كارەكانی خۆی هێنا.

بەڵێ رێبەر و باوکی حیزب تەنیا لە بەر ناخۆشەویستی یەکێک لە هاوکارانی لە میژینەی خۆی ئاوا هەڵوێست دەگرێ و ئاوا حەول دەدات کە لە سەخترین هەل و مەرجی ئەوکاتی جووڵانەوەی کورد کە هەر دوو دیوی کوردستانی تێدا بوو، بێ ئاسۆیی ،مەرگ و نەمان هەڕەشەی لە خەباتی گەلی کورد لە گەرمێن و کۆێستان دەکرد،( سوکانی) کەشتی شکاوی حیزب ئاوا بەرەو کەناری ئارام و کەم شەپۆلی دەریا بەرێ و لە نوقم بوون رزگاری بکات. لێرەدایە کە مەسەلەی کورسی و بەرژەوەندییەکانی حیزب خۆیان لێک جیا دەکەنەوە، ئەو شەڕانە هەموویان بۆ کورسی بوونە یەکیان بۆ سەقامگیرتر بوونی هەرچی زیاتری  کورسی و دەسەڵات بە سەر هەست و نیستی حیزب و نە هێشتنی هیچ چەشنە دژ بەرێک وەلۆ سالمیش، ئەوەی دیکەش بۆ دیفاع و لە دەست نەدانی کورسیەک کە بە لەدەست دانی هەموو ژیانی پێچکێکی پێ براوە،بەلام بۆ یەکیان رەوایە و بۆ ئەوی دیکەیان نارەوایە!
بەڵی بۆ ئەوانەی کە خاوەن دەسەلاتن حەقیانە بە کەڵک وەرگرتن لە کەرەسەی دێموکڕاسی مافی مافدار پێ شێل بکەن و ئاویش لە ئاو تەکان نەخوا ودێموکراسیش لەق نەبێ.

کاک عەزیم بۆ خۆی ئاماژە بە راستییەکی مێژوویی دەکات و دەڵێ کە لیستەی فیکس لە هەڵبژاردنی هەوەڵ دا دەنگی نە هێناوە وکاک د. قاسملوو فەرمووی گەر وابێ ........... باشە ئەوە لە گەل کام شێوە لە دێموکراسی نوێ و کۆنی فەلسەفەی دێموکراسی دا یەک دەگرێتەوە ؟ مەگەر شیوەیەک کە ئیمە بۆ خۆمان نۆڕم و چوارچێوەیان بۆ دانێین، ئەو جار نۆبەی هونەری زیز بوون وکەڵک وەرگرتن لە بێ کەسی حیزب دێتە پێش کە زۆر جار بەرهەمی داوە. دیارە قەدیم دەیان ووت" دێموکڕاسی دوو زەردێنە" رەنگە ئەوەیان لەو بابەتە بێ.
 بۆ ئاگاداری بۆ جاری دووهەمی دەنگ دان دەستێکی غەیبی لە ئاسمان را وە فریای لیستەی فیکسکەوت و د ەنگێکی خودا دادی وە فریای دێموکراسی گەیشت و سەری خست.
کاک عەزیم ئەگەر دیقەت بکات نیوەی ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرە بە عەلاوە و منهای یەک دژی لیستەی فیکس بوونە بەلام بەو حالەش بڕیارە و هەر دەبێ بچێتە پێش و ژمارەیەک دەبێ لەو حیزبە پاک بکرێنەوە و  ئاکامیش هەر چی دەبێ با ببێ .
کاک عەزیم دەبێ لەوە حالی بێ کە قودرەت و دەسەلات شتێکە کە کەس حازر نییە بە تایبەت ئەو کەسانە کە جارێک تەنانەت بۆ چەند رۆژیش بێ تامی شیرینی رێبەرییان چێشتبێ چاو پۆشی لێ بکەن و با بۆ دڵخۆش کردنی ئەم و ئەویش باس لە وە نەکەن کە  ئەوان ئەگەر لە هەر پلەو پایەیەک دابن هەر رۆڵەی حیزبن و ئامادەنە وەک کادری سادە لە خزمەت حیزب دابن، ئەو ژیستانەی ئەو رۆژانەی بە رێز کاک مەسعوود بارزانیش لە سەر بوون و نەبوون بە سەرۆکی هەرێم هەر لە جۆری ئەو مانۆڕانە بوون کە رێبەرانی دیکە دەیان کرد ، کە هێندەی نەمابوو ئەوەی کورد بە درێژایی سەدان ساڵ خەبات وەدەستی هێنابوو لەسەر نەبوون بە سەرۆکی هەرێم لە دەستی بدەین .
 نا، برا ئەو شێوە بۆچوونە بە تەواوی لە راستی دوورە کە ئەگەر باوەڕ بکەین کە فلان رێبەرمان بە خاتری حیزب ئەو فیداکارییەی کردو دەکا ، ئەوەش لە نەوعی خۆیدا سیاسەت و نەوعێک گران فرۆشیە بە سەر حیزب و ئەندامەکانی، دە نا کەس بەوە رازی نییە کە ڕێبەرانی ئێمە وەک کادری ساکار کار بکەن با هەر رێبەر بن بەلام عادل .

کاک عەزیم حیزبی دێموکڕات ساڵهایە لەو پێوەندیە دا لە بازنەیەک دا دەخولێتەوە ئەو ناکۆکیانەش هەر رۆژێ بە جۆرێک و بە شێوەیەک سەر هەڵ دەدەنەوە و قەولیش بێت هەتا حیزب مکانیسمێکی گونجاو بۆ تەنزیمی پێوەندییەکانی ناوخۆیی نەدۆزێتەوە حالمان هەر ئەو حاڵە دەبێت کە تێیداین. جا رۆژێک کاک حوسێن و کاک فەتاح واز لە دەفتەری سیاسی ناهێنن و رۆژێک ئەوەی دیکە بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە و وەرگرتنەوەی کورسی سەدارەت و وەدەست خستنی دەسەڵات حیزب ئەوەندە باریک دەکاتەوە کە لە کونی دەرزییەوە بچێ، رۆژگارێک کاک ئەحمەد تۆفیق وەک سکرتێری حیزب حیساب بۆ کەس ناکات و رێگا نادا  شەهید د. قاسملوو بەشداری کۆنفرانس و کۆنگرەی حیزب بێت وحەتا لەحیزب دەری دەکا و دوایە د.قاسملوو بە دەست مەلا حەسەنی رەستگار کە دوێنێ لە بەرانبەر ئەحمەد تۆفیق دا وەک کێو لە پشتی رادەوەستا ، دەناڵێنێ و لێی جیا دەبێتەوە. بەڵێ پاش ماوەیەک کاک مستەفا بە دەست یار و هاوکاری لە مێژینەی خۆی کاک بابا عەلی زاڵەی دێ و مامۆستا، یەکێک لە کۆنترین ئەندامان و باوکی ئەساسنامەی حیزب لە لایەن کاک مستەفاوە بە لادان لە رێبازی قاسملوو تاوان بار دەکرێ ، بەڵێ ئەو کاروانە هەر درێژەی دەبێ تا هەر بینا دیتمان کە کاک کاوەی لە هەموو کەس نیزیکتر لە کاک مستەفا بوو بە کاوەی ئاسینگەر و کوتک و کەوڵی هەڵگرتوو بۆ پلە و پایەی زیاتر هاتە مەیدان و تەخت و بەختی گەورەکانی خۆی رووخاند.

بەڵێ لێرەدایە حیزبی دێموکڕات وەک یەکەمین حیزبی مۆدێرن و سیاسی کورد دەبی بێ و بە چاوی رەخنە گرانە و خۆماڵی، ڕابردووی خۆی لانی کەم لەو پێوەندییە دا بداتە دەست چەند کەسی حیزبی و غەیرە حیزبی تا بە شێوەیەکی زانستیانە عەیبی کارەکەی بۆ بببیننەوە و ئەویش بە دوور لە دەمار گرژی و بەرزە فڕی گوێ رایە ڵی رێنوێنیە کانیان بێت . دەنا بەو جۆرەی ئێمە بە یەکتری دەکەین نە ئیعتبارێک بۆ حیزب دەمێنێتەوە و نە کەس ئامادەیە بەو قیمەتە هەرزانەی کە سەرجەمی ئێمە حیزبایەتیمان  کردووە، حیزبایەتی بکات .

ناوبراو لە جێگایەکدا باس لەوە دەکات کە مەلا حەسەن" وەك دیتمان پاش کۆنگرەی هەشتەم کاك مەلا حەسەن و هاوڕێکانی لەپێناوی کورسی دەسەڵات بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتیان لە حیزب جیاکردەوە و بە هاوکاری و پشتیوانی گروپی دژە کوردی موجاهیدینی ڕەجەوی، حیزبێکی بۆخۆی دروست کرد. "

پرسیار لە کاک عەزیم:

کاک عەزیم هەر پاراگرافێک سەرتر باس لەوە دەکات کە ئەو هەموو تەون و بەستەی کۆنگرەی ٨ و هێنانی لیستەی فیکس بۆ وەلانانی مەلا حەسەن بووە و لەروانگەی خودی کاک عەزیمەوە ئەو شێوەیە غەیری دێموکڕاتیکە، لێرە دا ئەگەر کاک عەزیم پێی وایە مەلاحەسەن ئەو خەڵکەی جیا کردەوە لە هەڵە دایە ،ئەو سەدان کەسە بریاری خۆیان دابوو ئەگەر مەلا حەسەنیش نەبا یەکی دیکە پەیدا دەبوو و بازەکەی لەسەر شانی دەنیشت. ئەو خەڵکە لە پێناو دیفاع لە دێموکڕاسی و بەربەرەکانی لە گەڵ پەرەگرتنی رووحی تەک ڕەویی هەڵوێستیان گرت و بوونە هاوکاری مەلا حەسەن بۆ بەرەو پێش بردنی ئەو ئاواتە.لەو لاشەوە گلەیی دەکات کە ئەوان بە یارمەتی موجاهیدین حیزبیان دانا ، ئەوە زۆر شتێکی سروشتیە کە دەبێ یا ئیزن بدەی کە ئەم و ئەو کە وەک جەنابت لەو حیزبەدا خاوەن رابردوون کار بکەن، یان ئەگەر هەر کەس بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکی خۆی  نیسبەت بە گەل و نیشتمان بە نێوی حیزبی خۆی کاری کرد گلەیی لێ نەکەی. ئەو جار ئەو موجاهیدەی کە جەنابت باسیان لێوە دەکەی دۆستی مەلا حەسەن نەبوون . ئەوان زۆر پێشتر لە رێگای ئەوانی لە مەلا حەسەن گەورەتر بوونە دۆست و هاوپەیمانی حیزب و ئێمە بەرەمان لە گەڵ ساز کردبوون و لە گەڵیان لە" شوورای بەرگری میللی" دابووین. موجاهید هەر ئەو موجاهیدی پێشوو بوون کە ئێمە بنکە و رادیۆمان لە ئیختیار نابوون و شانازیمان بە دۆستایەتیان دەکرد. راستە حیزبی دێموکڕات و موجاهیدین بە یەک شەو بوونە دوژمن بەڵام هەم

زۆری کێشا تا دۆستایەتیەکەمان پێکهات و چەند ساڵێکیش بەردەوام بوو. ئەو موجاهیدەی کە مەلا حەسەن یارمەتی لی وەرگرتن هەر هەمان موجاهیدی پێشوو بوون بە بێ یەک موو فەرق و جیاوازی .
بەڵام ئیدی ئێستا کە جەنابت تۆانایی لێکردنەوەی قۆناغەکانت نییە ئەوە کەس تاوان بار نییە و گلەیی لە بەختی کلۆلی خۆت بکە.
ئەوانەی کە بۆ نوسینی ئەو وتارانە کەسانی وەک جەنابت هان دەدەن ئاو لە ئاشی شۆێنیکی دیکە دەکەن و پێیان گوتراوە کە نابێ بهێڵن ئەو ئاگرە بۆ دەمێکی کورتیش بێ سارد بێتەوە دەنا دوژمن زەرەر مەند دەبێ ئەوانیش بۆ ئەوەی زەرەری دوژمن لە قازانجی خۆمان کەمتر بێت نابی راوەستن!!

کاک عەزیم باسی نامیلکەیەک دەکات کە ئەو کات نوسرابوو دەفەرموێ کە پڕ بە پێستی بوو . بامرۆڤ نە چێتەوە ئەو کات دەنا تەرەفی جەنابیشت هێندیان نامیلکە نووسیون کە بۆ مێژوو بەکار دێن و قەت رۆانگەکانیان کۆن نابێ و ئەوانەی لە نامیلکەکان دا نوسرابوون هێندە لە گەل باری راستی و واقیعی مێژوو یەک دەگرنەوە کە هەر دەڵێی تازە نوسراوون، بەڵام وا چاکە لەوانە گەڕێن.

کاک عەزیم باس لە تێکەڵ بوونەوی حیزب دەکات و دەڵێ" پێش لەوەی بەقەولی هەندێ کەس بنەماڵەی حیزبی دێموکرات بخرێتەوە سەر یەك، لە نێوان مامۆستا و کاك مستەفا هیجری لەسەر هاتنەوەی مەلا حەسەن و هاورێکانی کێشە ساز درا و مامۆستا بەوە رازی بوو کە ئەوانە بگەرێنەوە ناو حیزب، کەچی کاك مستەفا ئەم کارەی پێ باش نەبوو. بە هەرحاڵ سەرەرای نارازیبوونی زۆربەی ئەندامانی حیزب، دوو باڵەکانی حیزب یەکیان گرتەوە. بە یەکگرتنەوەی ئەم دوو باڵە نەك هەر کێشەکە چارەسەر نەکرا، بەڵکو زیاتر لە جاران دوودەستەیی سەریهەڵدا.

کاک عەزیم باس لە رووداوێک دەکات کە حیزب بە گەورەترین دەسکەوتی خۆی دەزانێ و شانازی پێوە دەکات . تێکەڵ بوونەوەی دوو باڵی حیزب بڕیارێکی سیاسییە کە حیزب لە کۆنگرەی ١٠ دا بە زۆربەی هەرە زۆر بڕیاری لە سەر داوە و وەک دەڵێن تەنیا یەک دژی هەبووە کە ئەویش وەک کاک عەزیم دەڵێ دیارە کێ بووە .خۆ ئێستاش درەنگ نەبووە، ئەگەر کاک مستەفاو هاوبیرانی جگە لە کۆبونەوەی ناو مەحفەلە ناسراوەکانیان (جورئەتی) ئەوەیان هەیە کە بە ئاشکرا ئەو یەکگرتنەوەیە رەت کەنەوە ئێستا کە دەسەڵاتی حیزبیان بەدەستە با زەرەدەکانی ئەو یەکگرتنەوەیە بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان باس بکەن. ئەو هەڵۆیستە مێژووییەی حیزب بوو بە مایەی شادی دۆستانی حیزب و کۆیر بوونی دوژمن . بەو پێیە چارە نووسی دێموکڕاسی لە رۆانگەی کاک عەزیم و ... دیارە دەبێ چ مەقوولەیەک بێت هەر کات بە کەیفی وان بوو ئەوە باشترین جۆریەتی، ئەگەر نا دەبێ لە دژی بین هەتا بە کەیفی خۆمان سازی دەکەین و ئەو کات دەبێ خەڵکی تر ملی بۆ راکێشن.

کاک عەزیم لە بەشیک لەوتارەکەی دا باس لە گرتنی دۆست و لایەنگر دەکات و گویا مەلا حەسەن بۆ قایم کردنی پشتی پاڵی وە هەموو کەس داوە" هەروەك پێش لە کۆنگرەی هەشتەم كاك مەلا حەسەن و هاورێیانی بۆ بەهێزکردنی خۆیان دەستیان دایە کۆکردنەوەی لایەنگیر بۆخۆیان و هەر بەوەشەوە نەوەستان و دەبوونە میوانی دژبەر و خۆفرۆشیش، تەنیا بۆوەی پشتیان بەهێز بکەن. باش لەبیرمە کە کاتێ حیزبی دێموکرات یەکیگرتەوە، هەندێ لە ئەندامانی مخابراتی عێراق لە ئۆردوگای رۆمادی ئەندام و لایەنگری کاك حەسەن و هاورێکانی بوون، تەشکیلاتی حیزب لە ئۆردوگای رۆمادی داوای کرد کە ئەم کەسانە وەك ئەندامی حیزب

وەرنەگیردرێن، بەڵام حیزب گوتی ئەمە یەکێ لە مەرجەکانی یەکگرتنەوەیە و ناتوانین پێشێلی بکەین. گوتمان ئیدی زۆر شەرمە کە حیزبی دێموکرات ئەم کەسانە ئەندامی بن، کە لە وەڵامدا گوتیان ئەوەی ڕاست بێ ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە ئێوە ناویان دەبەن، ئەوانە لای حیزبی بەعسی عێراق دەستیان دەڕوات کە دەتوانن کێشەمان بۆ ساز بکەن."

کاک عەزیم کە باس لە تەشکیلاتی ڕۆمادی دەکات دەبێ بزانێ ئەوان ئەو کات بە حیزبی وەرگیران کە دوو بەرەکی کەوتە ناو حیزب و هەر کەسە کۆمەڵێکی لەدەوری خۆی کۆ کردەوە لەو نیوە دا چاک و خەراپ لە هەردووک لا هەبوون، ناکرێ بڵێن کە خەراپەکان هەموو هەر لە لایەک بوون و ئەویش لای مەلاحەسەن بوو. بە پێچەوانە لەو جۆرە کەسانە کەمیان چووبوونە لای مەلا حەسەن بە هۆی ئەوە کە ئەو لایە ئیمکانی پارێزگاریان لەو کەسانە کەم بوو. ئیستازۆر کەس لەوانەی ئەو کات لەگەڵ دوژمن چ عێراق و چ ئێران پێوەندیان هەبوو و خۆیان لە ڕیزەکانی حیزبدا پەستاوتبوو ئێستاش هەر خۆیان لە نێو تەشکیلات دا مەلاس داوە و ئەرکی پیرۆزی خۆیان بەرێوەدەبەن. کاک عەزیم کە هێندە گلەیی لەو مرۆڤە ناپاکانە دەکات چ مەعلووم ئێستاش ئەگەر ماڵی خۆیان بگەڕێ هێندێک قولاغی ئەو کاتی هەر لە بوخچەدا نییە کە بۆ ئاڵ و گۆڕی دوایە بە کاریان بێنێ. جا بۆ گلەیی لە خەڵک دەکات؟!لێرەدا تەنیا مەبەست تاقمێکی ناسراوە لەو کەسانەی لە ڕومادییە بوون،نەک هەموویان بە گشتی چونکە لەنێو کوردەکانی ئۆردوگای ڕومادییەدا مرۆڤی زۆر شۆڕشگێڕ و ڕێزداریان تێدابووە.
کاک عەزیم لە بەشێک لەوتارەکەی دا باس لە هاتنە سەر کاری مامۆستا و ڕاماڵینی لایەنگرانی کاک مستەفا دەکات و دەڵێ"بۆوێنە نوێنەری حیزب لە پاریس و هەروەها نوێنەری حیزب لە بەغدا گۆڕدران و بەنیازیش بوو دەفتەری نوێنەرایەتی حیزب لە پاریسەوە بۆ ستۆکهۆڵم بگوێزێتەوە و بەرپرسەکەیشی، کاک سەعیدی بەیگزادەی بۆ دانێ، کە هاوبیری خۆیەتی. کە بەخۆشیەوە ئەم کارەی سەرینەگرت و بە هەڵوێستی توند و شێلگیرانەی بەرپرسانی کۆمیتە حیزبییەکان بەرپەرچی ئەم هەڵوێستە درایەوە و لە کۆتاییشدا مامۆستا ڕیسەکەی لێ بوو بە خوری. نموونە زۆرن کە پێویست ناکا ئاماژە بە هەموویان بکەین."

داوا کەی ناوبراو ئەوەندە سەیرە کە مرۆڤ پێکەنینی پێی دێ. شتێک کە هەتا ئێستاش کەس لە هیچ لایە ک ئاگای لێ نییە و وادیارە کە کاک عەزیم ئەوەندە لە دام و دەزگا نیزیکە کە ئیدی هیچی لێ ناشارنەوە، بەڵام هەر وەک شتەکانی دیکەی ئادرێسی غەڵەتیان داوەتێ. لێرەدا تەنیا شتێک بە کاک عەزیم دەڵێم کە سەعیدی بەگزادە ئەوەندە لایەنگری مامۆستا بوو کە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە مامۆستا سکرتێری حیزب بوو کاک سەعید قەت حوکمی بۆ کارێک نەدرایە، جا ئیدی ئیستا کاک سەعید بۆ خۆشی ئاگای لێ نییە بەڵام دەبێتە بەرپرسی دەفتەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و ئەویش دەفتەری فەرانسەی لەوێ را بۆ ڕادەگۆیزنە سوئید ئەوە ڕەمزێکی گەورەیە. نا کاک عەزیم نیگەران مەبە ئەو دەفتەرە کە ١٥ ساڵیش دەبێ کاری نەماوە و تەنیا شوێنی بژیوی چەند کەسی بێ دەرئامەدە و هەر دەبێ لە جێگای خۆی بێ با ئەو برە پارەیەش کە لەولا و لەو لا وەرگیرابوو خەلاسی بێ تا بەڵکوو شەڕەکانیش کەمتر بنەوە.

کاک عەزیم ئەو شتە چووکانەی ئەو کاتی هەر لە بیرە بەڵام ئێستا کە لە چایچی را هەتا دەگاتە سەرێ گۆڕدراون و مرۆڤی خودی و مەکتەبی داندراون نابینێ ، ڕەنگە ئەوانەی ئێستا وەلا دەندرێن یا ڕێگایان لێ ون بووبێ هاتبنە ناو حیزب یان بە پاداشی ئەو ماوەیە کە کاریان کردووە دەبی سەزا بدرێن. ئێستا لە حیزبدا ئەو ڕستەیەی کێ لە کوێ بەکار دێ باوی نەماوە با هەموو وجودیشی لێهاتوویی و جەوهەری حیزبایەتی بێ دەبێ مرۆڤ لە پێشدا لە گەڵ لایەنێک بێ دوایە داوی کار بکات.ئەوانەی کە ئێوە بە ئەقەلییەت ناویان دەبەن وەک پەنابەری وڵاتانی

ئوروپایی لە پەراوێزدان و( حاشیەنشین) کراون وەمەودای کاریان پێ نادرێ و ئەگەر کاریشیان پێ بسپێرن بۆ ئەوەی بالانسی قودرەتی ئێستا و داهاتوو تێک نەچی بەشی ئەوان( سهمیەبەندی کراوە) و لەو سەهمیە زیاتر مافیان نیە.جا لێرەدایە دەکرێ بڵێن مەقولەیەک بە نێوی رێکخراوی واحید لە حیزبدا وجودی نیە.خەڵکەکە بۆ ئەوەی کاری هەبێ دەبێ دەگەڵ لایەنێک بێ و بێلایەنیش شوێنی نیە.

کاک عەزیم باس لە گۆڕانی کاک خوسرەو بارامی دەکات کە گۆیا مامۆستا لای بردوە"دیارە لەو ماوەیەدا بە بیانکەی ئەوە کە بەڕێز کاک خوسرەوی بارامی داوای مووچەی مانگانەی زۆرتر دەکات، ئەویشی تۆران کە زۆر لە کۆمیتەکان لە کار و چالاکییەکانی ئەو بەڕێزە زۆر ڕازی بوون. کاک خوسرەو لەبەرئەوەی کە دەیهەویست تا رادەیەك سەربەخۆیی بریاردانی هەبێ، مامۆستا لێی قبووڵ نەکرد و ناوبراویش بە ناچاری بارگە و بنەی لەو بنکەیەش تێکەوەپێچا، کەچی لەباتی زۆرترکردنی ڕێژەی هاوڕێیانی پاریس، لێیانیشی کەم دەکردەوە" ، وادیارە کاک عەزیم بە قەولی فارسان دەبێ لە جیاتی عەزیز (عەزیم دوردانەی ) جناحی حاکم بوبێ بۆیە ئاوا ئاگای لە هەموو جەریاناتی پشتی پەردەش هەیە. ئیمەش وەک جەنابت ئەندامی حیزب بووینە و تا ئێستا شتێک لەو بارەوە نەزاندراوە ئەوەی کە تا ئێستا لە سەر کاک خوسرەو باس کرابێ نا لێهاتووی خۆی بووە نەک شەڕی جناحی کە ببێتە هۆی وەلا چوونی ناوبراو . بەڵام ئیستا ئیدی ئەوە شوکر وەرەق گۆڕاوە و دەسەڵات دار جناحی حاکمە و کاک خوسرەویش بۆتەوە بەرپرسی بەشی تەشکیلات با بزانین ئەو جار چ شەقولقەمەرێک دەکات و چۆن حەول دەدات کە هەموو هێز و تواناکان لە جیاتی ئەوەی کە سەرفی دژایەتی ناوخۆیی بن، روویان لە کۆماری ئیسلامی کات کە زۆر لە مێژە بە هۆی ئەو شەڕە ناوخۆییانە خەیاڵیان لە لای ئێمەوە ئاسوودە بووە وبە دژ بەری خۆیانمان نازانن.

ئێستا وای لێهاتووە لە ترسی شەڕی جناحی کەس ناوێری رەخنەش لە کەس بگرێ و یا لە بیری ئاڵ و گۆڕی کەس دابێ . بەرپرس تاوانبارە کە ئەو لایەنگری ئەو نەبوو وەلای برد و ئەو کەسەش کە وەلاچووە سەنگەر دەگۆڕێ. ئێستا ئیدی رۆژ رۆژی مرۆڤی بی توانا و هەل پەرەستە کە کەڵک لە هەل و مەرجەکە وەربگرێ.
ناو براو لە درێژەی هێرشەکانی بۆ سەر مامۆستا باس لە وەلا بردنی پۆستی جێگری دەکات کە گۆیا لە حەیفی کاک مستەفا بووە و وەک غەدرێکی گەورە چاوی لێ دەکرێ"مامۆستا بەوەشەوە نەوەستا و رازی نەبوو لە دەورەی دووەمی دەسەڵاتی خۆیدا جێگریشی هەبێ کە دەبوو کاک مستەفا بایە. "
گومان لەوە دانییە کە بەشێک لە نییەتی مامۆستا لە نەهێشتنی ئەو پۆستەدا نەدانی ئەو جێگایە بە کاک مستەفا بووە. پرسیار ئەوەیە کە بەراستی ئەگەر کاک مستەفا جارێک نەبوو بە سکرتێر یان جێگری سکرتێر ئەوە کابە کەج بووە و دونیا خەراپ بووە؟. وا وێ دەچێ کاک مستەفا کاتێک لە دایک بووە وەک سکرتێری حیزب بانگیان بە گۆێ دادابێ یان بە نییەتی سکرتێر بوون ناوکیان بریبێ، بە داخەوە بۆ لایەنگرانی کاک مستەفا بوونی ناوبراو بە سکرتێر بەشێک لە ئاواتە.هەتا رۆژگاری مەیدانی شەر بوو کاک مستەفا قەت بۆ چوونە ناوچەیەک ئەو شەرە دەسەڵاتەی ئێستای نەدەکرد و بە نەمانی لە کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی حازر بوو بە مەرجێک لە دەوروبەری دەفتەر بمێنێتەوە ونەچێتەوە ناوچە، بەڵام ئێستا لە سەر حکوومەتی دۆڵی ئازادی حیزب نابوود دەکا.
دەرکەوتووە کە هەر کەس لایقی هەر پۆستێک بێ لازم ناکا ئەو کەسە بۆ وەدەست خستنی ئەو پۆستە حەول بدات ، رۆژێک پۆستەکە بۆ خۆی دێتە بەر دەرگا داوا دەکات کە ئەو کەسە بە منەتەوە وەریبگرێ. کاک مستەفاش ئەگەر ئەو دەستە و دەستە بازیەشی نە کردبایە ئەگەر

شیاوی ئەو پۆستە بایە هەر دەبوویە ئەویش بە ناشکوری نەبێ ئیستا لە دەورانی پڕ لە قەیرانی بەرێوەبەری کە یەخەی حیزبی ئێمەی گرتووە و ئێستاش کە بەرێزیان گەیشتۆتە لوتکەی ئاوات ئەگەر لە زەرفیەتی دروونی و توانای دا نەبێ هەزار نوشتەشی بۆ بکەی هەر نابێتێ. کەمن هیوادارم بەرێزیان سەرکەوتووبێ.
کاک عەزیم واباشە لە خۆی بپرسێ کە لە جناح بەندییەکانی ناو حیزبدا کەی کاک باباعەلی لایەنگری مامۆستا بووە ؟ ئەوەی لەو پێوەندییەدا روونە ئەویە کە لە پێش کۆنگرەی دە و پێش تریش کاک بابا عەلیو کاک مستەفا هەر هاو بیر و هاو بەرە بوونە ،ئێستا دەردەکەوێ کاک مستەفا لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەر بۆیە پێویستی بەو هاو بیرە بووە کە ئەوەی ئەو دەڵێ کاک باباعەلیش هەر هەمان بێت ،نەک ئەوەی  رۆژگارێک ئیحساسی سەربەخۆیی بکات ئەوە ئیدی خەتی سوورە و نابێ ببەزێ.
بەو پێیە کاک باباعەلی دوای ٢٥ساڵ زەحمەت مافی ئەوەی نییە کە بڵێ منیش بە پێی ئوسوڵ مافی ئەوەم هەیە کە ببمە سکرتێر، ئەگەر هاتوو رۆژگارێک ئەو نیازەی لە خەوێش دا هەبوو دەبێ بکەوێتە بەر رق و نفرەتی کاک مستەفا، وێدەچێ کاک باباعەلیمەحکوم بەوە کرابێ کە هەر بەردەستی کاک مستەفا بێ نەک زیاتر.

کاک عەزیم دەڵی کاک مستەفا ناچار بووە و لە بەر بەرژەوەندی حیزب مرتەقی لێوە نەهاتووە"
ئەمانە هەموو لە کاتێکدا بوون کە بەرێز کاك مستەفا ناچار بوو لەبەر بەرژەوەندی حیزب و گەلەکەی متەقی لێنەیەت و لە پەراوێزنشینیشەوە بێدەنگبوونی بە باشتر لە ناڕەزایەتی و هاتوهەرا دەزانی"

وەک دەڵێن مێژوو شتێکە کە رووی داوە نەک ئەوەی مرۆڤ چۆن بیهەوێ بیرەنگێنێ، ئەوەی کاک مستەفا لەو ماوەیەدا بە حیساب مرتەقی لێوە نەهاتووە، نەک لەبەر قازانج و بەرژەوەندی حیزب بوو ،نا، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو کە ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن جناحی بەرانبەر قەت هاوسەنگەرانی خۆی وەک جناح چاوی لی نەکردووە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکردوون . کاک مستەفا لەو بارەوە ئیمتیحانی خۆی داوە وپێویستی بە تاریف نییە و لەمێژە ئەوە سابیت بووە کە کاک مستەفا قوتابییەکی باشی ماکیاویلییە و ئەگەر لە پێناو دەسەڵات و کورسی خۆی دا هەموو حیزب ئاو ببیا مێشێکی لێ میوان نییە.بە قەولی فارسی (افتاب امد شاهد افتاب)

کاک عەزیم لە بەشێک لەوتارەکەدا دێتە سەر باسی کۆنگرەی ١٣ و سازماندەهی بۆ ئەو کارە"
لەم کۆنگرەیەدا بەدەنەی حیزب چالاکتر کرا و دەستەی کاک مستەفا زۆرینەی دەنگەکانی بردەوە."
کاک عەزیم نافەرموێ کە ئەو بەدەنەیە چۆن چالاک کرا، لە خۆرا ئەو بەدەنە چۆن بوو بە ئاگر و ئاوا بە دژی هاو سەنگەرانی خۆی، خۆی سازمان داو و نافەرموێ کە ئەوە چۆن بوو تەنیا هاوبیرانی کاک مستەفا هەستیان بەو کەم و کووڕیانە دەکرد؟ کاک عەزیم یان بی خەبەرە و یان خۆی لێ  گێل دەکا. کاک عەزیم ئەوە وەک مانگ روونە کە کاک مستەفا زۆر لە مێژە تەشکیلاتێکی لە ناو تەشکیلاتدا بۆ ئەو رۆژە ساز کردووە. لەو پێوەندییەدا نە بۆ خۆی و نە هاوبیرەکانی حاشا لە نامە بەناوبانگەکەی ٢٤/٠١/٢٠٠٤ کە بە پێچەوانەی بڕیاری روونی کۆنگرەی ١٢ جوڵاوەتەوە، ناکەن . نامەیەک کە ئەگەر ئەو نەینووسیبا و یەکی تر کردبای وەدەرنانی لە حیزب چووکەترین سزای دە بوو.
لەراستی دا ئەو تەشکیلاتە ئێستاش هەر ماوە و هێزی رۆژی تەنگانەیە و بۆ پارێزگاری لە دەسەڵاتی سەرۆک هەر لە مان دا بەردەوام دەبێت.

کاک عەزیم با کەمێک بە ئینسافەوە بەراوردێک لە نێوان سۆنامی هاتنەسەر کاری ئاغای ئەحمەدی نەژاد و تۆفانی هاتنە سەر کاری کاک مستەفا بکات و بزانێ بە موو جیاوازیان هەیە؟

کاک عەزیم لە بەشێک لەوتارەکەی دا باس لەوە دەکات کە کاک مستەفا و هاوڕێیانی لەو ماوەیەدا زوڵمیان لێکرا و دەڵی" ئەدی باشە بۆ تا دوێنێ کاك مستەفا و هاوڕێیانی ئەو هەموو ناعەداڵەتی و نابەرامبەرییەیان قەبووڵ دەکرد کە لەلایەن ماموستا و هاڕێیانییەوە دەرهەقیان دەکرا و هەروەها نەیاندەگوت ئەگەر ئەوەمان بۆ نەکرێ فلان و فیسارە شت دەکەین و یان حیزبێك بۆخۆمان جوێ دەکەینەوە؟"

روون نییە ئەو ناحەقیانەی لە کاک مستەفا کراون چ بوون؟ هەر ئەوە کە ناوبراو دوو دەورە نە بووە بە سکرتێر ؟ وشکە سۆفی بوون ئەوەیە ، ئەو هاوڕێیە وا بە حوزنەوە باسی مەسەلە کە دەکات کە دەڵێی هەر سێ سکرتێری پێشوو هەم پێشەوا و هەم د.قاسملوو و د.سەعیدی شەهید وەکاز و کلاو و جامەدانەکەیان وەک میراتی سکرتێری بو کاک مستەفا بە جێ هێشتووە و غەدرێکی گەورە لە گەلی کورد و کاک مستەفا کراوە و حورمەتیش بۆ وەسیەتی ئەو گەورە پیاوانە دانەندراوە.
کاک مستەفا لەو حیزبەدا قەت حەزرەتی عیسا نەبووە کە یەک زەڕە لە خۆ بردوویی هەبێ ، ئەو پێش کۆنگرەی ١٠ی حیزب ئەگەر بۆی لوابا جیا دەبۆوە ،بەڵام تەوژمی بەهێزی تێکەڵ بوونەوەی حیزب و مەترسیە کانی دوا رۆژ پەژیوانی کردەوە.

کاک عەزیم لە بەشیک لەوتارەکەیدا لەوە نیگەرانە کە هەر کەس کورسی پێ نەدرا وەک کۆنگرەی ٨ دەکات و بیر لە مەسلەحەتی حیزب ناکەنەوە . ئەو بەرێزە مافی خۆیەتی کە ئاوا نیگەران بێ بەڵام کاک عەزیم پێوایە بە راستی کاک مستەفا و هاوڕێیانی لە بەر قازانج و بەرژەوەندی حیزب ئەو کارەیان کرد ؟ بە دڵ نیاییەوە دەڵێم نا،مەسەلە تەنیا و تەنیا تۆڵە ئەستاندنەوە، کورسی ، ناو و ناو بانگ، خۆ مەترەح کردن و دامرکاندنی هەستی بەرزی مەقام خۆازی بووە و هیچی دیکە.هەر ئەو هاورێیەی کە ئێستا لە جێگای نێلسۆن ماندێلا نایەتە خۆار رۆژگارێک بۆ ئەوەی نەچێتەوە ناوچەی ئاژوان خەریک بوو لە کۆمیتەی ناوەندیش دەست هەڵ بگرێ ،هەر بە ئەوەندەی قایل بوو  لە دۆڵی ئەمنی گەلاڵەدا بپارێزرێ بەڵام سیلەی رەحمی شەهید د.قاسملوو بەرگری لەو تەسمیمەی ئەو کرد. ئەو جار بەراستی ئەو داوایانە نە خەڵک و نە ئەندامانی حیزب باوەڕیان پێ ناکات و ئەو خەنەیە ئیدی رەنگی نەماوە و ئێمەش نە خۆمان و نەخەڵک فریو نەدەین. نا کاکە ئەو جەماعەتەی جەنابت و ئەمن لایەنگریان لێ دەکەین هەمووکەم وکووڕی خۆیان هەیە جا هێندێکیان بڕێک لەوانی دی زیاتر.

کاک عەزیم لە لای ئاخری وتارەکەی دا دەکەوێتە ئامۆژگاری و دەڵێ" تا ئەو شوێنەی کە پێوەندی بە حیزبی دێموکراتەوە هەیە، ئێمە دەبێ چی دیکە وەدووی حیزب جیاکردنەوە نەکەوین و تەنیا پابەند و گوێڕایەڵی بڕیاراتی کۆنگرەی حیزبەکەمان بین."

بەڕێوە بردنی بڕیاری ئۆرگانەکانی حیزبی لە کۆنگرە ڕا هەتا خۆارێ ئەرکی سەر شانی هەموو ئەندامێکی حیزبە ، بەڵام حەق وابوو کاک عەزیم پێش کۆنگرەی ١٣ ش هەروای بیر کردباوە . ئەگەر کاک عەزیم ئەو کات حاڵی نەبووە کە ئەوە بڕیار دەشکێ واچاک ترە بڕێک زیاتر وەدوای فێربوونی حیزبایەتی بکەوێ دەنا ئەگەر ئەو کات حاڵی بووە و بە ئەنقەست و بیری جناحی مێشک و زەینی داگرتبوو و وەدەنگ نەهاتووە واباشە ئێستاش ئەو نوسخەیە بۆ کەس

نەنووسێ.هەر چەند بێ شک هەموو ئەندامانی حیزب بۆ خۆیان لەوحاستە لە تێگەیشتن دا هەنە که بڕیارەکانی حیزب بەڕێوەبەرن. کورد دەڵێ ئاوێک گەورە بی ڕێژێ چووکە لاقی تێدەنێ.

کاک عەزیم لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی باس لە ١٧ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کۆنگرەی ٨ دەکات و دەڵێ" هەنووکە کە ١٧ ساڵ بەسەر کۆنگرەی هەشتەمدا تێدەپەڕێ، تاکەکان هەر تاکەکانی جارانن و داواکاری و هەڕەشەکان هەر وەك جاری جارانن و هیچ گۆڕانیان بەسەرا نەهاتووە"

وەک دەردەکەوێ کاک عەزیم زۆری رق لە جەنابی ماموستایە بەڵام لە ئیستدلال دا کە کەمی دێنێ کەڵک لە شتەکانی ئەو وەردەگرێ.راستە تاکەکان هەر تاکن و داواکانیش هەر داوان ،لە هەمان حاڵیشدا پێشێل کردنی پرینسیپ و ئوسوولەکانیش هەر لە جێگای خۆیانن. ئەگەر تاکەکان هەر تاکن خۆ جەمعی زاناش نەهاتووە لە خەسارەکانی ئەو کات ئەزموون وەربگرێ و حیزب و جووڵانەوەی پێ قایم بکا ئەویش رقی تۆڵە بەر چاوی گرتووە و ئەوی ئەو لەو پێوەندییەدا بە حیزبی دەکات با بە دەواری شڕی ناکات.
لە پیوەندی تاکەکان پرسیارێک دێتە پێش ئایا تاک هەر ژمارەیەک لە کەسەکان دەگرێتەوە کە هەمیشە لە لایەن هێندێک داخ لە دڵ دەبوغزێندرێن یان هەموو ئەوکەسانەش دەگرێتەوە کە شەو و رۆژ خەون بە پۆستی سکرتێری حیزب و پوستەکانی دیکەوە دەبینن و جگە لەوە هیوایەکیان نییە. من پێم وایە لە نێوان تاکە کان دا جێاوازی هەیە . هێندێک تاک ئیمانیان بەخۆیە و بڕیار دەرن و لەسەر حیسابی فیداکاری خۆیان داوایان هەیە و هێندێکی دیکە لە سەر خوان و فیداکاری خەڵکی دیکە دەخۆن و لە بەر خاتری خۆیان کۆمەڵ دەسوتێنن.
لێرە دا پێویستە ئێمەش وەک حیزبی دێموکڕات ئەگەر حەولی چاک کردنی هەڵە کانمان هەیە با بێین بزانین ئەو گەلانەی کە خۆشبەخت و بەختیارن چۆن پێ گەیشتوون؟
ئەگەر چاو لە مێژووی پێشکەوتنی وڵاتانی ئۆرووپا بکەین دەبینین کە ئەوەی ئەوانی سەر خستووە ڕێز دانانی وان لە کۆمەڵگادا بە فەرد ،(ئینديويد) وەک تاک بووە . کاتێک تاک لە کۆمەڵ دا ڕیزی لێ گیرا و خۆی دیتەوە ئەو کات ئیستعداد و لێهاتوویيەکانی گوڵ دەکەن . کۆمەڵ ناسی کۆن و تازە ئەوەیان سابیت کردووە کە کۆمەڵێک کاتێک پێشکەوتووە کە تاکەکانی پێ گەیشتوو و خاوەن ئیرادەنە. کۆمەڵێک کە تاکی پی گەیشتووی نەبێ ئەو کۆمەڵە قەت رزگار نابێ.
ئیمە ئەو کات قەدری تاکەکانی خۆمان دەزانین کە تاکەکانمان حیزبیان بە جێ هێشت و لە شوێنی دیکە گوڵیان کرد و بۆ ریکخراوی دیکە بوون بە سەرمایە جا ئەو جار لە بەریان دەپاڕیینەوە. ئیمەش لەو بارەوە سیاستی وڵاتی حاکمی خۆمان هەیە ئەوانیش بە سەرمایەی گەلانی ئێران لاوی ئیرانی پەروەردە دەکەن و کاتی بەرهەمیش وڵاتی دیکەیان پێ ئاوەدان دەکەنەوە.
سیاسەتی بەرێز مامۆستاش لەسەر قەترە و دەریا هەر ئەو بۆچوونە بوو ، بەڵام ئەویش جارێک نەهات چاو لە ئەفریقا بکا کە قەترەی نییە، دەریا سەهلە ئاوی خۆاردنەوەشی نییە. ئەو دەریایەی بە رێز مامۆستاش پێی دەخورێ ئەگەر قەترە ی لە گەڵ نەبوو دەبێتە سەحرای کاکی بە کاکی. بەڵام دەبینین لە سەحرای ئەفریقا قەترەی رەشی وەک" ماندێلا" چۆن دونیا دەهەژێنی و لە بەرانبەر نەیار دا ئەقیانووسی رەش پێک دێنێ .
هەر وەک باسمان کرد بە داخەوە حیزب لە بازنەیەک دا دەخولێتەوە، پێت وانەبێ ئیدی دوای کۆنگرەی ١٣ دونیای حیزب بۆتە بەهەشتی بەرین.تا مکانیسمێکی مەنتقی بۆ ئەو موشکلاتە نە دۆزرێتەوە ئەو زۆران بازیە لە ناو ئەو بازنە دا هەر درێژەی دەبێ.

کاک عەزیم لە ئاخرین پاڕاگراف دا باس لە وێنەی شەهیدان دەکات و دەڵی" پێشنیاری ڕێبەری لە حیزب بە مەبەستی بەخشینی پۆست و پلە بە نەوەکانی خۆیی و هەروەها لابردنی وێنەی ٢ ڕێبەری مەزنی حیزب و گەلەکەمان یان لابردنی جێگری سکرتێر هەموو ئەمانە بە یەکەتازی دەسەڵاتخوازی لەقەڵەم دەدرێن. سەیرە لە وڵاتێکی بێگانە و بێ ئەوەی کە هیچ قازانجێکی تێدا بێ، دەیانەوێ پەیکەر لە ڕێبەرەکانمان بتاشن و تابلۆی بیرەوەری و شتی لەو بابەتانەیان بۆ سازدەکەن، کەچی هەر خۆمان کە خۆمان بە ڕێبازی ئەو نەمرانە دەزانین، دەمانەوێ وێنەکانیانیش لە پێش چاومان نوقم کەین لەبەرئەوەی قورسایی بەسەر سەرمانەوەیە و ئازارمان دەدات! وا دیارە ئەم جۆرە کەسانە بڕیاریان داوە لەپێناوی مەزنیخوازیدا چاوپۆشی لە قرچەی دڵی گڕگرتووی دایك، باوك، خوشك و برا و کەسوکاری زیاتر لە ٦٠ هەزار شەهیدی کوردستان بکەن و بە لایەنەوەش گرینگ نییە کە کوردستان و کورسی سەروەری نیشتمان هەروا لەلایەن ئاخوندەکانی ئێرانەوە زەوت کرابێ.

بەرێزیان بۆ بازار گەرمی وگەرم راگرتنی ئاگری شەر دیسان باسی وێنەی شەهیدان دەکات و ەک ئەوە کە گۆیا کاک عەزیم و دۆستانی وی لە تاو ئەو شەهیدانە ئارام و قەراریان نییە و بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە هەر کامیان بوونەتە بۆمبایەک و کاخی قاتڵەکانی ئەو شەهیدانەیان نابود کردووە و خەڵکی دیکەش ئەوە بەردیان تیهەڵ دەکەن . ئەو پروپاگەندانە زۆر کۆن و بێ تەئسیرن و ئەوندە بۆ گەنیوین کە مرۆڤ بێزی لێیان دەبێتەوە.
حیزب و گەلانی دیکە لە یادی شەهیدانیان بۆ یەک ریزی و تەبایی نێو بنەماڵەو حیزبەکەیان کەڵک وەردەگرن و بەکەس ئیزن نادەن کە بۆ ئاژاوە نانەوە و بەرژەوەندی فەردی و لەرزۆک کردنی پایە کانی حیزب کەڵکی خەراپ لە ناوی شەهیدان وەربگیرێ. تەنیا ئێمە نەبێ کە لە پەنای کێلی شەهیدانمان هاوسەنگەرانی خۆمان دەکوتین و بە هەڵوەراندنی فرمێسکی بە درۆ خەڵکی پێ هەڵ دەخەڵەتێنین و یەکیەتی و برایەتی ریزەکانی حیزبی پێ کز دەکەین.

با ڕێبەرە شەهیدەکانمان کە گەورەترین سەرمایەی ئەو حیزبەن وەک سەرمایەی گشتی ئەو حیزب و جووڵانەوەیە، وەک سامانێکی دابەش نەبوو بۆ سەرجەم ئەندامانی ئەو حیزبە بپارێزین و ئیزن بە کەس نەدەین کە لە یادی ئەوان کەڵکی خەراپ وەربگرێ.

دەبی کەڵکی خەراپ وەرگرتن لە ناوی وان خەتی سوور بێ و کەس ئەو مافەی نەبێ کە ئەو هێڵە بپەرێنێ.
ئەو رۆ حیزبی دێموکڕات و جووڵانەوەی کورد لەو بەشە لە کوردستان دا سەختترین هەل و مەرجی مێژوویی تێپەڕ دەکات. کۆماری ئیسلامی لە ئێران نەتەنیا بۆ نابوودی حیزبی دێموکڕات و جووڵانەوەی کورد لەو بەشە کار دەکات بەڵکوو بە شێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ حەول دەدات خەباتی کورد لە هەموو بەشەکان دا لە گەڵ نائومێدی ڕووبەروو بکات، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو ئەو کەسانەی کە دڵیان بۆ حیزب و جووڵانەوە بە حەقەکەی گەلی کورد لێدەدا، نووکی قەڵەم ،نێزەی تفەنگ ، رق و کینە ونفرەتیان روو لە دوژمن بکەن با لە سبەینێی مێژوو دا شەرمەزاری گەل و نیشتمان نەبین.
چی دیکە ئاو لە ئاشی دوژمن نەکە ین ، چی دیکە قازانجی دوژمنمان لە زەرەری حیزب پێ باشتر نەبێ.
لە کاتێک دا کە حیزبی ئێمە هەرەشەی نەمان و جووڵانەوەکەمان سەرەرای هەموو فاکتۆرە هیوا دەرەکان مەترسی گەورەی لەسەرە، ئێمە کەوتووینەتە گیانی لەشی نیوە گیان و زامداری حیزب و هێندەی دیکەشی بێ تۆانا دەکەین، ئەو تاوانە (گوزەشتی) لێ ناکرێ و تاوان بار دەبێ لە سبەینێی مێژوودا بەرانبەر رووحی شەهیدان و گەل  وڵام دەر بێ.

دەبێ هاوکات کە حەولی هێنانی گووڕ و هێزی تازە بۆ ناو حیزب دەدرێ ،حەول بدەین ئەوەی هەمانە وەک سەرمایەی ئینسانی بیانپارێزن .ئەو کەسانە کە ئیوە خەریکن بۆ ڕەزامەندی دڵی کەسانی دیکە لەحیزب دا بێ تەئسیریان بکەن جەرهەری دەیان ساڵ خەباتی بەکردەوەن‌و سەروەت و مایەی شانازی مێژووی حیزبن کە پاراستنیان جگە لە قازانج بۆ حیزب زەرەرێکی نییە.
هەموو ڕێکخراوێک بە گەورە پیاوانی دەنازێ ، پارت بە بارزانی و کاک مەسعوود، یەکیەتی بە ماموەستا برایم ئەحمەد و مام جەلال ،ئێمەش با بە ڕێبەرانی شەهید و سەرجەم ڕێبەرانی زیندوومان بنازین.
باهەڵەکانی رابردوو بکەین بە وانە بۆ ئێستا و داهاتوو ، بیان کەین بە هەتوان بۆ لەشی زامداری حیزب و پردەباز بۆ هاویشتنی هەنگاوی گەورە.

بەو ئاواتەی ڕۆژگارێک بێت حیزبی ئێمە لەو جناح بەندی و دەستە بازییە رزگاری بێت و شایستە سالاری، رابردوو، وەفا، دڵسۆزی ببێتە میلاکی پلە و پایە و چی تریش کاک عەزیم و من نانی ئەو دووبەرەکیەمان نەخۆین و حیزبی بێچارەش نەفەسێکی راحەت بکێشێ و کۆمەڵانی کوردیش لە کوردستانی ئێران لە مانی حیزبەکەیان دڵنیا بن.

سیروان ١٣٨٤/٤/١٢